# کوردەکانی ئێمە

**MÜMTAZ’ER TÜRKÖNE**

**Zaman Today, 3/11/2007**

**سیار محەمەد کردوویە بە کوردی**

**(تێبینی: ئێمە لێرەدا کە ئەو وتارەمان لە زەمان تودەی کردووە بەکوردی، مانای وانییە، ئێمە لەگەڵ ئەو بیروبۆچوونانەین کە لەو وتارەدا هاتوون، بەڵکە دەمانەوێ خوێنەرانی کوردزمان لەو رێگەیەوە لە بیروڕای نووسەرانی تورك بگەن).**

**لەم سەردێڕەدا من قاملێ بۆ کوردەکانی تورکیا رادەکێشم، واتە بەشی هەرە گەورەی دانیشوانی کوردن کە بەسەر تورکیا، ئێران، عێراق و سوریادا بەشبوون.**

**کورد، گەلێکی خۆجێی دێرینی ناوچەکەیە. لێ دەق وەکو گەلانی دیکەی خۆجێ، کورد هەمەجۆر (تنوع)ێکی ئێتنیی دەوڵەمەندی هەیە. زمان فاکتەرێکی گرنگە کە ناسنامەیەکی جیا بە کوردان دەبەخشێت. لەوەش گرینگتر، کوردەکانی تورکیا، سوریاو عێراق مێژوویێکی 90 ساڵەیان لەو هەرێمانەدا هەیە (مەبەست مێژووی دروستبوونی ئەو دەوڵەتانەیە-وەرگێر)، کەچی مێژووی کوردەکانی ئێران زۆر لەوە کۆنترە.**

**ئەمە سەروسیما هەرە بنەڕەتییەکانی قۆناخی دەوڵەتە-نەتەوەن: کاتێ تۆ تەنانەت روبارێکی گچکەش دەکەیتە سنووری جیاکردنەوەی نێوان دوو گوند لە دوو وڵاتدا، کەسوکاری یەك بنەماڵە کە بکەونە هەردوو بەری سنوور، ژیانێکی لێکجیایان هەیە. کەسەکان ژیانێکی وەسایان دەبێ کە لەگەڵ پایتەختی ئەو وڵاتەی تێیدان بگونجێ نەك لەگەڵ تەرزە ژیانی کەسوکارەکانیان لە بەرەکەی تری سنووردا. شاری ئەدەرنە، لەرووی کولتوورەوە نزیکتر دێتەبەرچاو بۆ دانیشتوێکی هەکاری لە گوندێکی هەرەنزیکی ئەودیوی سنوور. ماوەی 90 ساڵ کافییە بۆ هاتنەئارای کەسایەتی و ناسنامەی جیا لەنێوان کەسوکاران لە وڵاتانی لێکجیا.**

**خوّیایە کە سنوورەکان بەپێی پەیماننامەی سایکس-بیکۆ کێشراون و ماکی ئەوەشیان تێدایە کە گرفت و کێشەی جیدیان لێ پەیدا ببێ. ئەگەر شاری موسڵ بەگوێرەی پەیماننامەی لۆزان لەناو تورکیا بمابایەوە، کوردەکان ئەو 90 ساڵە پێکەوە دەبوون. مێژوو بەشێوەی جیا-جیا مومارەسەکراوە، کوردەکانی باکووری عێراق لەسایەی سیاسەت و بنەماکانی بەغدا حوکمڕانیان بەسەردا کراوە، کەچی کوردەکانی باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا بەپێی سیاسەتەکانی ئەنقەرە حوکمیان لێکراوە.**

**نیوەی کوردەکانی تورکیا لە دەرەوەی ناوچەی باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا، واتە لە بەشی هەرە دواکەوتووی تورکیا، دا دەژین. خەڵکی لەبەر هۆکاری سروشتی بەرەو رۆژئاوا ماڵیان تێکدەنێن. تەنانەت ئەوانەیش کە کۆچیان نەکردووە، لەگەڵ بەشی رۆژئاوای تورکیا تێکەڵ بوونە.**

**20 ملیۆن کەسی گروپی ئێتنیکی کورد تەوەرەی سەرەکیی پێشکەوتنەکانی ناوچەکەن. هێرش و پەلاماری تیرۆریستەکانی پارتی کریکارانی کوردستان بۆ سەر هێزە چەکدارەکانی تورکیا، رێگەی بۆ پێکدادانی چەکداری کردۆتەوە. وێڕای کەوا دێتە بەرچاو گرفتەکە، لە بنەرەتدا گرفتێکی ئێتنی بێت، بەڵام پێوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان پرسی تیرۆریزم لە تورکیا و خەڵکی ئێتنیکی کوردا نییە. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە مێژوو وایکردووە کورد لە تورکیا لەچاو جێگەی دی جیا بێت.**

## کوردەکانی تورکیا

**کۆماری تورکیا کە جێگەی ئیمپراتۆریای عوسمانلی گرتۆتەوە، ئەو وانەو دەرسانەی لە رووداوەکانی پێشوو کەوتبوونەوە دیراسەکردووە. تورکیا دەوڵەتە- نەتەوەیە. هیچ گروپێکی ئێتنی کە لە دوای قۆناخی ئیمپراتۆریا لەناو تورکیا مابێتەوە، نارەزایی لەو پرۆژەیە دەرنەبڕیوە. بەهەرحاڵ، زەحمەت بووە کورد بتوێنەوە و تەواو لەگەڵ نەتەوە (تورك) تێکەڵ بێ. لەلایەکی دیکەوە،**

دابو نەریتی خێڵەکی لەناو کورداندا ڕێگر بووە لە دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمێکی ئیتنی. خەڵکی کورد لە ڕێگەی سەرکردە خێڵەکییەکانیانەوە تێکەڵی ئیدارەی ناوەندیی بوونە.
بەبەڵگە، ناسنامە خێڵەکییەکان دەگەڕێنەوە بۆ قۆناخی بەر لە تەمەنی پەیدابوونی نەتەوە. ئەوانەی دەوڵەتی نەتەوەی تورکیان هێنایەگۆڕێ، دوو ئەلتەرناتیڤیان هەبوو بۆ ڕێگەگرتن لە تەقینەوەی کێشەی کورددا. یان دەوایە ئەو ناسنامە بەر لە نەتەوەییەیان بپاراستایە یان دانیشتوانی کوردیان مۆدێرنیزە بکردایە، بۆ دەستەبەرکردنی تێکەڵاوبوونی کورد لەگەڵ باقی دانیشتواندا، دووەم بژارە گیرایە بەر- دانیشتوانی کورد تەبای ئەوانی دی مۆدێرنیزەکران.
شوێنەوارەکانی هەوڵی مۆدێرنەکردن دەکرێ لەسەر جیاوازییەکانی نێوان کوردەکانی سەرووی سنوور و بن ئەو سنوورە، ببیندرێ. کوردەکان پرۆسەی بە تاکبوونیان (فردانیە) بەهۆی کۆچکردن بۆ ڕۆژئاوا تاقیکردۆتەوە. دابونەریتی خێڵەکی هێشتا کاریگەری خۆی هەیە لەناو کوردەکانی تورکیادا، لێ پرۆسەی سیاسی هەرگیز بەتەنیاو ڕاستەوخۆ لەلایەن دەستەو دایرەی خێڵەکییەوە دیاری ناکرێ. بروایەکی بەهێز لەناو خەڵکدا هەیە کە ئەوان دەتوانن بمێننەوە بەبێ پشتبەستن بە بنیادی خێڵەکی. لەکاتێکدا خەباتی کوردەکانی باکووری عێراق، پشتی بە پابەندبوون بە داونەریتی خێڵەکیی بەستووە، کوردەکانی تورکیا پشت بە زمانێکی جیهانیتر دەبەستن بۆ هەوڵدان بە فراوانکردنی بازنەی مافە کولتووری و بنەڕەتییەکانی خۆیان.
ئەوە ڕاستییەکە کە پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات، پارتێکی کوردیی و چەندین کورسی لە پەرلەماندا هەیە، پارتێکی عەلمانییە ئەمەش نموونەیەکی بنەڕەتیی ئەو جیاوازییەیە کە نێوان کوردی تورکیا و عێراق هەیە.

<u>پرۆسەی بەنەتەوەییکردن</u>

دانیشتوانی کورد لە هەر چوار وڵاتی گۆڕیندا بەرژەوەندییان لە بەنەتەوەییکردن دوای داگیرکردنی عیراق لەلایەن ئەمریکاوە بۆ پەیدا بووە. دەرکەوتنی کیانێکی نیمچە سەربەخۆ لە باکووری عێراق لەلایەن کوردەکانی ترەوە وەکو نمونەیەکی مژدەبەخشی پان کوردیزم چاوی لێکراوە. بەهەرحاڵ، چەندین کێشەی چارەسەرنەکراو کە لە جیاوازییە دراماتیکییەکانی نێوان کوردانی هەر چوار وڵاتدا هاتوونەتە گۆڕێ، هەیە. کوردەکانی تورکیا ئێستا هەندە پشتیان بە ڕایەڵکەی خێڵەکی نەبەستووەو سوپاسی پرۆسەی بەتاکبوون دەکەن. هەوا وێدەچێ لەگەڵ باقی تورکیاش تێکەڵ بووبن. قەوارە خێڵەکییەکان لەناو خۆیاندا ناسیۆنالیزەکردن خەفە دەکەن. مانەوەی حکوومەت لە باکووری عێراق بەتوندی پشت بە بوونی بنیادی خێڵەکی دەبەستێ. بەهەرحاڵ، ناسیۆنالیزەکردن تەنیا ئەو کاتە کارێکی کردەنییە، کاتێ بنیادی خێڵەکی هەڵوەشابێنەوە. کەواتە، باشترین بژارە بۆ کوردەکانی تورکیا چییە؟

هەندێ لەو سەربازانەی کە لە هێرشەکانی ئەم دواییەی پەکەکەدا مردوون، بە بنەچەکە کوردن. خێزانی وا هەیە کوڕێکیان تەڤلی پەکەکە بووە، کەچی کوڕێکی تریان لەناو ڕیزی هێزە چەکدارەکانی تورکیادایە.
تەنگژەی ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئێستا وایکردووە جیاوازی نێوان کوردی ناوچە جیا-جیاکان زۆر ڕوونتر و بەرچاو تر بێ، هەروا بەڵگەیەکیشە لەسەر ڕەوش و باری پرۆسەی بەنیشتمانیبوون. تورکیا داوای لە مەسعود بارزانی کرد کە سەرکردەکانی پەکەکەی رادەست بکاتەوە یان چالاکییەکانیان لە باکووری عێراقدا رابگرێ. لە وەلامدا، بارزانی لە لایەکەوە بەتەنگ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئیدارە ناوخۆییەکەی بوو، لەلایەکەی تریشەوە هەوڵ دەدا کە خۆی وەکو پێشەوای بزووتنەوەی کوردایەتی نیشان بدا.

زۆر کێشەو هەرا لە نێوان پارتی و پەکەکەدا قەوماوە. لە ڕاستیدا بارزانی لە ئاست پەکەکەدا هەندە ئاسانکار نییە، بەڵام وازی لەوەش هێناوە پەکەکە بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بزانێ تا وێنە جەماوەرییەکەی خۆی بپارێزێ.
هەوڵدان بۆ دروستکردنی دەوڵەتی- نەتەوە لە سەدەیەکدا کە دەوڵەتە- نەتەوە دەروخێن ویدەچێ پرۆژەیەکی سیاسی بێت. دەق وەکو ناسیۆنالیزمی درەنگەوەخت، ئەو پرۆژەی بەنەتەوەییبوونە کێشەو گرفتی زۆری لەپێشە. لەلایەکی دیکەوە، مێژووی هاوبەش ئەندامانی نەتەوەی نوێ بۆ ئەو زەمینە پەلکێش دەکا کە لێی دەژین نەک بۆ نەتەوە.

**پێوەندیی نێوان تەنگژەی لەشکرکێشی سنووربەزێن کە تورکیا تەشەنەی پێکـردووە، نێـوان ئێتنێتیـی کـورد  هەنـدە بـەهێز نییـە. کوردەکانی تورکیا تا ئێستا بەدوای چارەسەر لەناو تورکیادا دەگەڕێن.**